# بۆچی ڕۆژی چوارشەمە لە هۆڵەندە, (نا)یە بۆ دەستوری ئەوروپا ؟

عەلی مەحمود محەمەد

نازانم شانسی چەپ هەر ئەبێت ئەوە بێت زۆرجار لەگەڵ نەیارانی سەرسەختی  خۆیان هاوسەنگەر بن بۆ ڕەت کردنەوەی بڕیارێك , لە شەڕەکانی عێراق و ئەفغانستان ئەمەمان بینی  , لە ڕاپرسییەکانی فەرەنسەو هۆڵەندەش هەمان سیناریۆ دوبارە دەبنەوە , ئەمەمان لە فەرەنسە بینی , لە هۆڵەندەش هەمان پێشبینی چاوەڕوانە . نەیارانی سەرسەختی دوێنێ هەڵبژاردن هەردوو پێکەوە دەنگ بۆ نا دەدەن , بەهەمان شێوە بۆ بەڵێش هەر ڕاستە  , بەڵام هەر لایەنە لە تێڕوانینێکەوە دەنگ بە نا و با دەدات , ناسیۆنالستە تاسەر ئێسکە ڕاستڕەوەکان لە ترسی لە دەست دانی نەتەوەو نیشتمان و کلتوری نەتەوایەتی و دژایەتی ئیسلام و پەنابەران ئاڵای ڕەتکردنەوەی یەکێتی ئەوروپا بەرزەکەنەوە . هەموومان   ڕۆژانە شایەد حاڵی بەرەو ڕوبونەوەین لە نێوان نەتەوەییە توندڕەوە فاشیستەکان و چەپ و مرۆڤدۆستەکان لەسەر داکۆکی و دژایەتی پەنابەران , بەڵام ئەم دەستورە لەبەر ئەوەی لە نێوان ئا و نا هیچی کەی نەهێشتۆتەوە , بۆیە دژەکانی دوێنێی یەکخستووە , ناچارن لەو دووە یەك هەڵبژێرن .

لە دوای پەسەند کردنی یۆرۆوە هەمومان بەرەو ڕوی دابەزینی ئاستی ژییان , دابەزینی هێزی کڕین , کەمکردنەوەی بیمەکانی بێکاری نەخۆشی ...... لە ئەوروپا بوینەوە , بێکاری چووە سەر و دەرگای کارخانەکان یەك بە دوای یەکدا داخران و سەری خۆیان بۆ چین و هیند و وولاتانی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا هەڵگرت , ئاسۆیەك ڕۆشن لەبەردەم دابەزینی بێکاری نەماوە  .

ڕاپرسییەکەی فەرەنسە هوشیارکردنەوەیەکی باش بوو بۆ ئەوەی خەڵکی وولاتانی یەکێتی ئەوروپا بەو سستەمە ئابوری–کۆمەڵایەتییە پێشنیار کراوە ڕازی نابن و ئامادە نابن تەسلیمی لەدەست دانی دەسکەوتەکانی ڕابردوو ببن , دەنگ بۆ لێدانی دوا بزمار لە تابوتی حکومەتی خۆشگوزەران بدەن  . لە فەرەنسەدا **69,80**٪ی خەڵك بەشداری دەنگدانییان کرد , لەوانە **54,87**٪ دژ و **45,13**٪ لەگەڵدا بوو , تەنانەت دەنگدان بۆ نا و بەڵێ ڕیزی پارتێکی وەك سۆسیالستی لەم هەڵبژاردنە کەرت کرد بۆ بەڵێ و نا .
لە هۆڵەندەش چاوەڕوانی ئەنجامێکی باشتر بۆ بەرەی بەڵێ ناکرێت , هەرچەندە ئەم نایە دوا قۆناغ نابێت و گەڕانەوە لە یەکێتی ئەوروپا سانا نییە , بەڵام دەشێت ببێتە هەنگاوێك بۆ ئەنجام دانی گۆڕانکاری لە دەستوردا لە خزمەت بە  هەژاران .

## توانەوەی هۆڵەندە

ترس و دڵە ڕاوکێیەك لەناو هۆڵەندییەکان هەست پێدەکرێت لەوەی کە هۆڵەندەی بچوك بتاوێتەوە لەناو ئەوروپایەکی زەبلاحدا , ئەی باشە خۆ ئەم مەترسییە لای فەرەنسیەکان نەبوو , وەخۆیان پێشەنگی پرۆسەی یەکێتی ئەوروپا بوون ؟, ئەی بۆ زۆربەیان لەگەڵ نا بوون ؟؟ .
هۆڵەندە ڕاستە وولاتێکی بچوکە تەنها خاوەند **33,883**کم**2** خاکی ووشکانییە , لەسەر خاکەکەی **16,407,491** ملیۆن مرۆڤ دەژێت , ژمارەیەکی ئاواش مانگاو و مەڕو ماڵات  , چەندە وولاتێکی بچوکە بەڵام خاوەند ئابورییەکی زەبلاحە , داهاتی نەتەوەییەکەی **511,556** ملیار دۆلار بووە لە ساڵی **2003** دا , بەمەش لە ڕیزی **14**هەمینی وولاتاندا دەهات , لە پێش وڵاتانی زەبلاحی وەك  بەرازیل و ڕوسیاوەیە .

تەنها **83**٪ خەڵکەکەی هۆڵەندین , ئەوانەی دیکە مەغریبی و تورك و سورینامی و ئەندەنۆسی و ...  هتد . لە ڕوی پێکهاتەی ئاینییەوە تێکەڵن (**31**٪ کاسۆلیك–**21**٪ پرۆتستان–**4,4**٪ موسڵمان و **40**٪ بێ ئاین(**1998** ئێستا زیاترە)–**3,6**٪ ئەوانی دیکە .
ئابوری هۆڵەندە پشت بەستووە بە  ناردە و پیشەسازی و بازرگانیی , پێکهاتەی ئابورییەکەی **2,4**٪ کشت و کاڵە (**26,71**٪خاکەکەی بەکەڵکی کشت و کاڵ دێت) و **24,5**٪ پیشەسازیی و **73,1**٪ خزمەتگوزارییە , داهاتی تاك **29000** دۆلارەو پارساڵ ڕێژەی گەشەکردنی داهاتی نەتەوەیی  **1,2**٪ بوو , لە دوای ساڵی **2001** وە ئابوری هۆڵەند لە قۆناغی مت بوون و پوکانەوەدایە .

هۆڵەندە بێ ئەوروپا بەردەوامی ئابورییەکەی بەشێوەی ئێستای ئەستەمە , لەبەر ئەوەی بازاڕەکانییان تەواوکەری یەکترن  , ناردەی پارساڵ بایی **293,1** ملیار دۆلار بوو  ,  **25,5**٪ ی بۆ ئەڵمانیا و **12,5**٪بەلجیکا,**10,3**٪فەرەنسا,**10,1**٪بەریتانییا,**6,2**٪ئیتاڵیا  سەرباری وولاتانی کەی یەکێتی ئەوروپا بووە .
هاوردەش بایی **252,7** ملیار دۆلار بووە , **18,1**٪ بۆ ئەڵمانیا,**10,1**٪بەلجیکا,**8**٪ئەمەریکا,**7,4**٪بەریتانییا,**6,3**٪ چین و **5**٪فەرەنسا , بەم شێوەیە دەبینین بەتوندی بەئابوری وولاتانی ئەوروپاوە بە یەکترەوە  بەستراوەتەوە , هەر دابڕانێك لێی هەژانی گەورەی لێدەکەوێتەوە , چونکە نەچونە ناو یەکێتییەکە تەنها

ڕەتکردنەوەی دەستورەکە ناگەیەنێت , بەڵکە یۆرۆو و گومرگی هاوبەش و تەواوی پەیماننامەو ڕێککەوتنامەکانیش دەگەیەنێت , هەرچەندە لە ڕابردوودا ئەزمونی دانیمارك و ئێرلەندەمان هەیە , پاش ڕەتکردنەوە ڕازی بوون لە ڕاپرسییەکانی دواتردا , بۆیە ئەگەری دوبارە بونەوەی هەمان سیناریۆ دەکرێت .
هەرچەندە ئەم وولاتە زۆر شانازی بە سستەمی خۆشگوزەرانییەکەیەوە دەکات و بۆتە نموونەیەك لە جیهاندا , بەلاَم **10**٪ هەژارترین تەنها خاوەند **2,8**٪ سەروەت و سامانی وولاتن و **10**٪ هەرە دەولەمەندترین خاوەندی **25,1**٪ سەروەت و سامانی وولاتن .

## ڕیفراندۆم بۆ دەستوری ئەوروپا

لەم ڕیفراندۆمەدا ڕای گشتی دابەش بووە بەسەر دوو بەرەوە , هەرچەندە هێزە کاراکانی هۆڵەندە ئەوانەی لە هەڵبژاردنی ڕابردوو زۆربەی کورسییەکانیان بردۆتەوە لەگەڵ بەلێدان , بەلاَم سەدای نا لە ناو جەماوەر بەرزترە , قەلَشتێکی گەورە کەوتۆتە نێوان گەل و پارتەکانەوە .لە مانگی ئەبریلدا ئاو نا یەکسان بوون بە یەکتر ,بەلاَم ئێستا **57**٪ لەگەڵ نا و **43**٪ لەگەڵ بەلێدایە , دوای ئەنجامەکانی فەرەنساش لەوانەیە زیاتر قوڕاوەکە خستر بێتەوە, ورەی بەرەی نا بەرزتر بێتەوە .

| **Tweede Kamer: 22 january 2003** (79.9 %) and **Eerste Kamer: 25 may 2003** | | **%** | **150** | **75** |
|---|---|---|---|---|
| **Christian Democratic Appeal** (Christen Democratisch Appèl) | **CDA** | **28.6** | **44** | **23** |
| **Labour Party** (Partij van de Arbeid) | **PvdA** | **27.3** | **42** | **19** |
| **People's Party for Freedom and Democracy** (Volkspartij voor Vrijheid en Democratie) | **VVD** | **17.9** | **28** | **15** |
| **Socialist Party** (Socialistische Partij) | **SP** | **6.3** | **9** | **4** |
| **List Pim Fortuyn** (Lijst Pim Fortuyn) | **LPF** | **5.7** | **8** | **1** |
| **Green Left** (Groen Links) | **GL** | **5.1** | **8** | **5** |
| **Democrats 66** (Democraten 66) | **D66** | **4.1** | **6** | **3** |
| **Christian Union** (ChristenUnie) | **CU** | **2.1** | **3** | **2** |
| **Political Reformed Party** (Staatkundig Gereformeerde Partij) | **SGP** | **1.6** | **2** | **2** |
| **Indepenent Senate Group - Frisian National Party** (Onafhankelijke Senaatsfractie - Fryske Nasjonale Partij) | **FNP** | | | **1** |

پارتە سیاسییەکان و هێزییان لە دوا هەڵبژاردندا .

**CDA** و **PvdA** و **VVD** و **GL** و **D66** سەرجەمییان لەگەڵ بەلێن , لە ناوییاندا هەردوو تەوژمی چەپ و ڕاست دەبینرێت , بەشێکییان پێیان وایە بە یەکێتی ئەوروپا بازاڕ فراوان دەبێتەوە , هەل زیاتر بۆ کار و کارسەرمایان دێتە پێشەوە , ئەوروپا دەبێتە هێزێکی مەزن و ئەمەش هەنگاوێکە لەبەردەم سیاسەتەکانی بۆش , چەپی سەوز دروشمی بەشداری بکە بە ئا لە پێناو ئەوروپایەکی باشتری بەرزکردۆتەوە , پارتی کار لەمە زیاتر دەڕوات پێی وایە یەکێتی ئەوروپا لە خزمەت پڕۆژەی سۆسیالستییە .

دژەکانیش هەریەکەیان بە هۆیەکەوە دژایەتی دەستوری یەکێتی ئەوروپا دەکەن . کریستان یونایین**CU** لەگەڵ یەکێتی ئەوروپادان , بەلاَم نا بۆ دەستورەکە , **LPF** دژ بە یەکێتی ئەوروپاو توانەوەی هۆڵەندەن لەو چوارچێوەیە , ئەوە بە مەترسی بۆسەر چارەنوسی نیشتمان و نەتەوە دەزانن , کریستانەکان هاتنە ناوەوەی تورکییا بۆ ناو یەکێتی ئەوروپا بە مەترسی دەزانن بۆ سەر ناسنامەی کریستانی بوونی یەکێتی ئەوروپا , لەم نێوەدا ئێس پەی (پارتی سۆسیالست) لە هەموو هێزەکانی کەی ڕەتکەرەوانی دەستور چالاکترن و ڕۆڵی سەرکردایەتی دەگێڕن , پێیان وایە یەکێتی ئەوروپا هۆڵەندە دەسڕێتەوە , پڕۆژەکە لە پێناو کەمکردنەوەی بیمەی بێکاری و نەخۆشی و تەواوی پشتگیرییەکانی کەیە , دژ بە خەڵکی هەژارە , یەکێتی ئەوروپا لە خزمەت سەرمایەداران و بە تایبەت جێ خستنی پڕۆژەی نیولیبرالّی جیهانییە .

بەم شێوەیە دەبینیین ئەم ڕاپرسییە خێزانی چەپ و ڕاستی کەرت کردووە و دوژمنانی ڕابردووی هاو ڕای یەکتر کردووە بۆ دەنگدان لە ڕۆژی **4** شەممە , منیش لەبەر ئەوەی لایەنی کۆمەلاَیەتی پڕۆژەکە دژ بە هەژارانە لەگەڵ نا دام . ئەم بڕیارە بە هەنگاوێکی باش دەزانم بۆ داسەپاندنی داخوازەکانی خەڵکی دەستەنگ لە

دەستوردا . بەڵام لە دایك بوونی یەکێتی ئەوروپا حەتمییەو هەر دەبێت , بەم هێزانە پاشە کشەی پیٚناکرێت , گرنگ ئەوەیە نەکرێتە دوا بزمار و بدرێت لە تابوتی حکومەتی خۆشگوزەرانی ئەوروپی .